کوڕی کانی عاشقان- سوید
Falah_30@hotmail.com

# فەرهاد موحەمەد هانا بۆ دووری دەبات

هێندەئازارەکانی دووری سەخت و گرانە گیان و ژیانمان لێ تاڵ دەکات،کاتێك مرۆڤ هەست بە نارەحەتی دەکات ؟هانا بۆ زۆر شت دەبات، ئەوکاتە دەڵێت بەڵکوو ڕزگاری بێت لەو ئازار و میحنەتەی.

هونەرمەندی دوور لە کەس و کار وهاوڕێ و وڵاتی کوردستان،هونەرمەند{ فەرهاد موحەمەد ساڵح} ی کەمانچەژەن ئەمڕۆ لە سوید هانای بردوە بۆ دووری،ڕنگە پێی وابێت ئەو هانایەی دوورییەی تەنها ڕێگەی ڕزگاری ئەوبێت.

{هانای دووری} ناونیشانی پارچە موزیکێکی نوێی هونەرمەندی ناو براوە، لەم ماوەیەدا تۆماری کردوە، هونەرمەند{کارزان مەحمود} بە ژەندنی دەف و زەرب و تۆمارکردنەکەی و میکس تێکەڵ کردنی دەنگەکان،هاوکاری فەرهادی کردوە، فەرهاد پێی وایە چاك و خراپی کارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕاو بۆچونەکانی جەماوەر، { هانای دووری} کاتەکەی 6 خولەکە ،پێشماوەیەك ڤیدیۆ کلیپی بۆ کردوە بۆ کەناڵی کوردسات، ئەم ڤیدیۆ کلیپە کامێرا و دەرهێنانی لەلایەن{ هونەرمەند هەردی عومەر} ە،لەئایندەیەکی نزیکدا لە کوردسات دەبنرێت،هیوای سەرکەوتن بۆ هونەرمەند فەرهاد موحەمە ساڵح دەخوازی سەرکەوتووبێت لە هونەری موزیکی کوردیدا.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.softwarelabs.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.softwarelabs.com